

# قادر زیرەکی جوانەمەرگ

لوقمان محمد گوڵانی

شتێکی ڕوونو ئاشکرایە لای هەموان ، کە گەلی کورد لە
ڕووی هونەری مۆسیقاو گۆرانی ، وە هەموو لایەکانی تری
هونەرو کەلەپووری ڕەسەندا بەرهەمی خۆی هەیەو بەوەش
دەناسرێ کە خاوەنی گەلێک کەلەپووری ڕەسەنەو زۆر
دەوڵەمەندە لەو بارەیەوە . لە گۆرانیو مۆسیقادا ، خاوەنی
چەندان پارچە گۆرانی میللییەو ئێستاش لادێکانمان پڕن لە
کەسانی ئەوتۆ کە چەندان بەیتە فۆلکلۆری ئازداریان لە
دڵدایەو پڕیەتی لە چیرۆکو گۆرانیو لاوکو حەیرانو تاد ..
کە هەمیشە ڕەسەنی ئەو کەلەپوورە ڕەنگینە دەردەخات ..
کەوابێ ئەم لایەنەی کەلەپووری کوردی ـ واتە لایەنی گۆرانی
ـ لاپەڕەیەکی زێڕینە ... ئینجا گۆرانی بێژانی کورد
بەهەموو تواناوە .. لەسەریانە کە پەرەی پێ بدەن بۆ ئەوەی
لە بیر نەچێتەوە .. چونکە ژیانی ئەوساو هونەرمان
دەردەخات کە هەمیشە پێویستی بەزیندووبوونەوە هەیە ...
تاکو لە چنگی فەوتان ڕزگار بکرێ .

ڕۆژ بەڕۆژ گۆرانی کوردی لەبەرەو پێشکەوتن هەنگاوی
ناوە ... گەلێک هونەرمەندی پایە بڵندی لێ هەڵکەوتووە ...

شتێکی ڕوونو ئاشکرایە لای هەمووان ، کە کەلی کورد لە
ڕووی هونەری مۆسیقاو کۆرانی ، وە هەموو لایەکانی تری
هونەرو کەلەپووری ڕەسەندا بەرهەمی خۆی هەیەو بەوەش
دەناسرێ کە خاوەنی کەلێک کەلەپووری ڕەسەنەو زۆر
دەوڵەمەندە لەو بارەیەوە . لە کۆرانیو مۆسیقادا ، خاوەنی
چەندان پارچە کۆرانی میللییەو ئێستاش لادێکانمان پڕن لە
کەسانی ئەوتۆ کە چەندان بەیتە فۆلکلۆری نازداریان لە
دڵدایەو پڕیەتی لە چیرۆکو کۆرانیو لاوکو حەیرانو تاد ..
کە هەمیشە ڕەسەنی ئەو کەلەپوورە ڕەنگینە دەردەخات ..
کەوابێ ئەم لایەنەی کەلەپووری کوردی - واتە لایەنی کۆرانی
- لاپەڕەیەکی زێڕینە ... ئینجا کۆرانی بێژانی کورد
بەهەموو تواناوە .. لەسەریانە کە پەرەی پێ بدەن بۆ ئەوەی
لە بیر نەچێتەوە .. چونکە ژیانی ئەوساو هونەرمان
دەردەخات کە هەمیشە پێویستی بەزیندووبوونەوە هەیە ...
تاکو لە چنگی فەوتان ڕزگار بکرێ .
ڕۆژ بەڕۆژ کۆرانی کوردی لەبەرەو پێشکەوتن هەنگاوی
ناوە ... کەلێک هونەرمەندی پایە بڵندی لێ هەڵکەوتووە ...

لەوانە حسن زیرەكو علی مردانو مەزهەری خالقیو مامڵێو ناصری ڕەزازیو چەندانی تر کە هەمیشە وەکو ئەستێرە لە ئاسمانی هونەری کوردیدا ئەدرەوشێنەوە ... بەتایبەتی حسن زیرەك - ی هونەرمەند کە توانی گەورەترین خزمەتی گەلی کورد بکات بەو هونەرە ڕەنگینەی خۆی کە دەکاتە هەزاران گۆرانیو ئێستاش لە بیری لاواندا ئەزرنگێتەوەو هەمیشە لەیادە ... ئەو هونەرە بەپێزەی حسن زیرەکی بەتوانا پێش کەشی کرد وای لە نەوەی نوێ کرد کە بەووردتر بڕوانێتە مۆسیقاو گۆرانیی کوردیمانو بەچاوێکی بەسۆزتر تەماشایان بکات ... نەوە دوای نەوە گۆرانی ئەو زاتەیان ووت .. بۆ ئەوەی لە دوای ئەو جێگای بەچۆڵی نەمێنێو هەمیشە ببن بە کاروانی تەواوکەری گۆرانی ئەو ... ئەوەبوو چەندان گۆرانی بێژی لاو هەڵکەوتنو بەدەنگە ناسکەکانیان گۆرانی حسن زیرەکی ئازیزیانو ووتو لەوانەش - قادر زیرەك - کە سەوداسەری هەمیشەی گۆرانیەکانی ئەو بوو .

بەڵێ قادر زیرەك ی هونەرمەند هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنی ژیانی هونەری خۆی عاشقی تەواوی گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندە بەرزەبو ... بە دەنگە شیرینەکەی خۆی کە وەکو زایەڵە وابوو ویستی هەندێ لە بەرهەمەکانی

حسن زیرەك تۆمار بكات ... ئەوەبو یەكەمجار بە گۆرانیەكانی حسن زیرەك دەستی پێ كرد .. لە ئاهەنگەكانی هەولێرو كۆیەو ڕەواندوزو شەقلاوە چەندان گۆرانی ئەوی ووت .. ڕاستی‌یەكەشی ئەتوانم بلێم هەتا ڕادەیەكی زۆر دەنگی نزیك بو لە دەنگی ئەو هونەرمەندە بەرزە ...

لە سەرەتادا ، لە خێزانێكی هەژارو دەست كورت چاوی بۆ ژیان هەڵێنا .. هەر لە مندالیەوە سەودای هونەری گۆرانی ووتن بوو .. ئەوەبو دەستی كرد بەلاسایی كردنەوەی گۆرانیەكانی زیرەكی نەمر ... هەر لەبەر ئەوەش بوو كە ناوی لە خۆی نا «قادر زیرەك» هێندە كاریگەر بو بەو هونەرمەندە دەنگ خۆشە ...

بەڵێ لە سالی (١٩٥٥) لە بێركوتی نازدار چاوی بۆ دنیا كردەوە ... بە كرێكاری ژیاو بۆ دەستە بەركردنی ژیان زۆر هەولی داوە .. تاوەكو لە كارەساتی ئوتومبێل لەسالی (١٩٨٠) لە ڕێگای هەولێرو حەریر سەری نایەوە

# ڕەوشتی قادر زیرەک

ئامانەوێ بڵێین .. قادر زیرەکی ڕەحمەتی وایەووابووە .. بەڵام ئەوانەی لە نزیکەوە دیویانە دەزانن چ مرۆڤێکە دڵسۆز بوو بۆ هونەرەکەی ... بەوپەڕی دڵسۆزی کاری دەکردو زۆر ڕێزی لەخەڵکی دەگرتو خەڵکیش بەوپەڕی ڕێزەوە تەماشای بەرهەمەکانیان دەکرد ... چونکە وەنەبێ کە بەرهەمی بۆ هیچ شتێك تۆمار کردبێ تەنیا لایەنی هونەر نەبێ ...وە بۆ خزمەتی نەتەوەکەی خۆی نەبێ بەولاوە هیچ شتێکی تری نەویستووە .. ئەوەی لە بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە ئازیزە بەدی دەکرێت ئەوەیە کە تەنیا چەند گۆرانیەکی هەبووە .. واتە زۆر بایەخی نەداوەتە زۆر کردنی بەرهەمەکانی ئەمەش لەبەر دووشت ..

یەکەم بە هەموو بەرهەمێکی گۆرانی ڕازی نەدەبوو ئەگەر بەتەواوی لەوە دڵنیا نەبوایە کە ئەو بەرهەمە خزمەتێك دەگەیەنێتە گەلەکە ...

دووەم : گۆرانی ووتنی بەکارێکی وا تێگەیشتووە کە بازرگانی نیەو دەبێ هونەرمەندی بەتوانا بتوانێ ڕێزی تەواو لە حەزو ئارەزووی جەماوەر بنێ ... بۆیە بەم بۆنەوە ئەمانەوێت ئەوە

دەربخەین کە زۆر کەس ئەم لایەنەی گۆرانی ووتن و گۆرانی ووتن و گۆرانی بێژی کردووە بەهۆیەک بۆ بەرژەوەندی خۆی .. بۆیە قادر زیرەک سەرەڕای ئەو هەموو ساڵەی گۆرانی ووتنی هەمیشە لەگەڵ هونەری ڕەسەن ژیاوە ... نەیوستووە هونەرەکەی خۆی لە دەست بدات کە ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی وەفاداری قادر زیرەکی خواڵێخۆشبووە بەرامبەر بەهونەر ... زۆر کەم لە ئاهەنگەکانی زەماوەند دیتراوە ... تاکو بتوانێ بەرهەمی خۆی بپارێزێ .. چونکە دەیزانی کە گۆرانی ووتن هەرئەوە نیە یەکێک بێتە بەر مایکرۆفۆن گۆرانی بڵێ .. بەڵکو گرنگ بەوەدایە کە بتوانێ دڵی جەماوەری زۆر بۆ خۆی ڕاکێشێ کە ئەمەش هەموو کاتێک نایەتە کایەوە هەتا هونەرمەند خۆی تەرخان نەکات بۆ هونەری ڕەسەن و پیرۆز و ڕازاوە ...

«قادر زیرەک» گۆرانی بێژێکی ئەوەندە ڕاستگۆ و بەوەفا بوو زۆر بە ئاسانی دانی بەوەدا نەدەهێنا کە لەفلانە زەماوەند دەرکەوێ، تەنانەت هەتا لە ڕادیۆش گۆرانی تۆمار نەکردووە تەنیا لەگەڵ تیپە هونەریەکان نەبێ کە ئاستێکی مۆسیقایی چاکیا هەبووە ... وەلە ڕووی هونەرەوە گەلێک پێشکەوتوو بوون .. هەروەکو لەگەڵ تیپی هونەر و وێژە «دوورم لەیاران» ی تۆمار کردووە و لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر چەند گۆرانیەکی

تۆمار کردووە لەوانەش گـۆرانی «ئەمان ساقی» و «لە دوگمەی سینە» و «لەبنەوار ...» کە هەموویان پێشکەوتنی تەواوی ئەم هونەرمەندە ئازیزە دەرئەخات لە کۆڕی هونەری گۆرانی ووتن دا ...

بەو چەند بەرهەمە کەمە، توانی ئەوپەڕی خزمەت بە هونەری کوردی بکەیەنێ ... چونکە گۆرانیەکانی لە زەوق و دەروونی بینەرانی کورد نزیك بوون، ئەمەش لە ئەنجامی ڕەسەنایەتی ئەو چەند گۆرانییە کە هەمیشە لـە دڵ و دەرووندایە ... لەگەڵ هەر گۆرانیەك کە دەووترێ بەدەنگی قادر زیرك ووتراوە مرۆڤ موچڕك بەلەشیدا دێت .. چونکە کە گۆرانی تۆمـار دەکردو مرۆڤ گوێی لێ دەگرێ بەئاسانی دەزانێ کەئەو گۆرانی بێژە چەندە لەگەڵ کارەسات و چیرۆکی گۆرانیەکانی ژیاوە ... وەك بڵێ ڕووداوی گۆرانیەکانی خۆی بۆ گوێگران بگێڕێتەوە .. ڕووداوی ژیانی خۆی کە باسی خۆشەویستی بوو، لەو چەند هۆنراوە شیرینانە کە هەمووی هەرماناو نیشانەی ئەوەی دەنواند کە قـادر زیرەك مرۆڤێکی هۆشمەندو تێگەیشتوو بووە .. ئەمەش لە هەڵبژاردنی هۆنراوەی گۆرانیەکان دەردەکەوێ کە یان هی شاعیرانی بەرزە، یان لە ناوچەرگەی فۆلکلۆرەوە سەریان هەڵداوە .. :

وانەبێ کەمی ئەو بەرهەمانەی لەبەر ئەوەبێ کە گۆرانی نەبووە نەخێر ... چەندان بەرهەمی پێش کەش دەکرا .. بەڵام ڕازی نەدەبوو بەوەی هەموو شتێک بڵێ بۆ ئەوەی نرخی خۆی بپارێزێ .. چونکە دەیزانی کە دەبێتە ئارشیفی زێڕین بۆ خۆی و میللەتەکەی کە چاوی لە هونەرمەندی وایە ...

# گفتوگۆیەک لەگەڵ قادر زیرەک

ڕۆژێکیان ، بەرەو پیرمانەوە هات و پێم ووت . . . حەزم دەکرد گفتوگۆیەکت لەگەڵدا ڕێک بخەم و ببێتە یادگاری ژیانمان . . . وەدیار بۆ بەرەوێکی گەشی پڕ زەردەخەنە وەڵامی دامەوە بەوپەڕی شانازی حەزدەکەم . . . چونکە هونەروەر هی خەڵکە . . . خەڵک هەقی ئەوەی هەیە لە هونەرمەند بکات . . بزانێ چی دەکاو خەریکی چیە بزانێ ڕای بەرامبەر بە هونەرو گۆرانی چییە . . من کەم جار حەز دەکەم دەربارەی خۆم بدوێم . . بەڵام ئەمەش هەر لەبەر ئەوەیە کە بەلای من وایە کە هونەری هونەرمەند خۆی لەخۆیدا لە هەموو شتێک گەورەترە . هونەرمەند پێش هەموو شتێ هەق وایە بیر لەوە بکاتەوە کەنابێ قسەی لە هونەرەکەی خۆی بەگەورەتر بزانێ . . چونکە هونەرەکەی ناسنامەی بوونی خۆیەتی و بەبێ هونەر قسەکانی هیچ باوی نیە . . پێم ووت . . حەز دەکەم باسی خۆت بکەیت

ووتی : ژیانی هەر کەسێ پڕە لە چەندان کارەسات و هەریەک لەو ژیانو کارەساتە پێویستی بە چەندان لاپەڕەی هەمە جۆر هەیە بۆ ئەوەی لەو ژیانە بدوێ . . ژیانم پڕە لەو چەشنە

کارەساتە .. بەڵام ئەمەش هەرگیز وای لێ نەکردووم کە هەموو ژیانم ببێتە نیگەرانی ، چونکە مرۆڤ پێویستە لەژیاندا گەش بین بێ .. ئەگینا بەرهەمەکەی بۆنی بێزاری لێ دێ ..
بۆیە گەورەیی مرۆڤ ئەوەیە بتوانێ ڕووی خۆی لە چـوار چێوەی ڕوونـاکی‌و خۆشەویستی وەرنەگێڕێ .. ئەگـەر مرۆڤ بەخۆشەویستی تەماشای ژیان بکات .. قەت‌و قەت ناکەوێت‌و هەردەم بەوپەڕی گەشی تەماشای ئەو ژیانە دەکات . . .
پێم ووت . . خۆشەویسترین کاتی ژیانت چی‌یە . . ؟
ووتی : خۆشەویستی هونەرمەند تەنیا ئـەو کاتەیە کە خۆی دەتوانێ رازی بکات بەرامبەر بە بەرهەمی جوان . . شادومانی‌و بەختەوەری مرۆڤی هونەرمەند ئەوەیە کە شتێکی جوان‌و پڕ لە ڕەسەنی پێش کەش بە نەتەوەکەی خۆی بکات‌و فێڵ لەگەلەکەی خۆی نەکات کە چاوی لەوەندەیە هونەرمەندی وای لێ پەیدابێ کە خزمەتی ڕاستەقینەی بکات . . ئەمەش ئەوپەڕی خۆشبەختی هونەرمەندە بەرامبەر بەژیان . . هونەرمەند بەوی وابێ هیچ شتێکی نەبێ ، بەڵام هونەری جوانی هەبێ‌و ئەمەش گەورەترین سەرو سامانە بۆ هونەرمەندی ڕاستەقینە . . .
خۆشترین کاتم ئەوەیە کە بزانم گۆرانیەکەم جێگەی خۆی کردۆتەوە . . لەناو دڵ‌و دەرونی گەلەکەمدا شتێک بەجێ دێڵم . .

کێ هەیە حەز بەوە نەکات .. بەڵام سەبرو تاقەتی دەوێ ... ماندو بوونو هیلاکیو شەونخونی چاکی دەوێ ...

ئەگینا هونەرمەند بەرهەمەکەی کاڵ دەبێو خۆشـــی ناتوانێ شتێك بۆ سامانی نەتەوەکەی تۆمار بکات .

پێم ووت : ئاخۆ کە وەختێ گۆرانی دەڵێی ... بیر لەچ شتێ زیاتر دەکەیتەوە ... ؟ !

ووتی : پێش هـەموو شتێ حەز دەکەم بیر لەو شتە بکەمـەوە کە خۆشم دەوێ .. بیر لە هەموو شتێ دەکەمەوە کە فەراموشی دڵم دەداتەوە ، حەز دەکەم گۆرانی ببێتە دەربڕینێ بۆ ژیانم .. بیر لە هەموو شتێکی جوان دەکەمەوە ... لە شیعری جوانو ئاوازی جـوان کە ببێتە ئیلهام بۆ گۆرانی ... بەمن وەهابێ کە هەموو گۆرانیەك کە دەیڵێمو تۆماری دەکەم وەکو یـەك جوانو ڕازاوەبن ... گۆرانیەکانم وەکو ئاوازی دڵی خۆم وان ... وەکو منداڵەکانم کـە هەموویانم خــۆش دەوێ ... کە «دورم لە یاران» م ووت ... زۆر دڵخۆش بووم ... چونکە دڵی خۆم هەڵڕشت بۆ هەموو شتێکی خۆشەویستی ... خۆشم ئـەو گۆرانیەم بەلاوە خۆش بوو ، ووتەکانی جوان بوون ... کاتێك دەم ووت دەم زانی کە سەدایەکی باشی دەبێ .. چونکە لەدڵەوە هات .. شـــاعیرو ئاواز دانەرەکەشی هەروەکو من

وابوو .. له هەموو شتێك خۆشتر كه گۆرانی دەڵێم ... خۆم بۆ خۆم ئەدوێم و ئەڵێم .. تۆ بڵێی ئەو گۆرانییەشم جێگای خۆی بكاتەوه ... ؟ هەزارو یەك پرسیار دەكەم ... بۆ ئەوەی گۆرانییەكەم سەركەوتوو بێ .. شیرین بێ .. ناسكۆڵە بێ .. بەڵام ئەمەشیان هەر من بڕیاری لەسەر نادەم كەچۆنەو چۆن نیه بەڵكو برادەره شاعیرو ئاواز دانەرەكانیش كه ئەوانیش بەشدارن له گۆرانیەكانم ... گۆرانی هەر بۆ ئەوەیه كه هەستو ئەستو خۆشیو ناخۆشی ژیانی مرۆڤ باس بكات... منیش كاتێك كه گۆرانی دەڵێم ئەمەیه بیركردنەوەم ... پێم ووت : ڕات بەرامبەر بە گۆرانیەكانی حسن زیرەك ؟ ! ووتی : مامۆستای خوا لێخۆش بوو نەك هەر تەنیا گۆرانی بێژێكی گەورەو بلیمەت بوو ، بەڵكو هەمیشه زیندوو گەرەوەیەكی سامانی گۆرانیو مۆسیقامان بوو كەتوانی سامانێكی زۆری ئەتەوەكەی له دەستی فەوتان ڕزگار بكات .. بەمەش گەورەترین خزمەتی ئاراسته كردین ... ئەو گۆرانییانەی كه تۆماری كرد كەبریتییه له هەزاران بەرهەمی جوان ، بوه هۆیەك تاوەكو هونەرمەندانی دوای ئەو بتوانن لەو ڕێبازه كەڵك وەرگرن ... حسن زیرەك مامۆستایەكی بێهاوتا بوو لە گۆرانی ووتنداو نموونەی ئەو هونەرمەندە دەگمەنه ...

من لە منداڵییەوە بەگۆرانیو دەنگی بەسۆزی حسن زیرەك دڵم
پڕ بوو لە ئاوازی بەسۆزی شیرین کە هەموویان لە مێشکمدا
دەزرنگێنەوە ... هەریەك لەو بەرهەمانە گەوهەرە ... مانای
زیندووبوونەوەیە ... بـە ئاوازی حسن زیرەکەوە گۆرانی
دەڵێم .. چونکە نامەوێ لەیـاد بچێتەوەو خۆزگە هەمـوو
هونەرمەندێك ڕێبازی خۆی دەبوو لـە گۆرانیداو دەگەیشتە
پایەی ئەو بۆ ئەوەی هونەری کوردی بپارێزێتەوە بە گۆرانیو
بەرهەمی جوانو نەمر ... حسن زیرەك توانیویەتی لەنێو گەلی
کورد بەڕادەیەکی ئەوتۆ جێگای خۆی بکاتەوە کە کەس نیە
دڵی بـە گۆرانیو بەرهەمی ئەو هونەرمەندە بەڕێزە گـەش
نەبووبێتەوەو هەرگیز ترسی ئەوەی لێ ناکرێ هەڵوەرێ ...
پێم ووت ئەی گۆرانی کوردیمان ... ئاخۆ تۆ چۆن تەماشای
گۆرانی کوردی ئەمڕۆمان دەکەیت ... کە لەم ساڵانە گەلێك
گۆرانی پێشکەوتنی پێدا ڕەت بووە ؟ ! ...
ووتی : گۆرانی کوردی گەلێك دەوڵەمەندە ، بەتایبەتـی لای
کردنەوە لە مەسـەلەی فۆلکلۆری کوردی .. کە هەتـا بڵێی
لەو بارەوە هەنگاوی خۆی ناوە ... بەڵام ئەو سامانە تائێستاش
بەگوێرەی پێویست کەڵکی لێ نەدیتراوە ... وەتا ئێستاش
چەندەها گۆرانیو مۆسیقا هەیـە تۆمار نەکراوە ... ترسی

ئەوەش دەکرێ کە ساڵانی کورت لەبیر بچنەوە .. بۆیە
بەڕەئی من ئەوەیە کە زۆربەی ئەو گۆرانییانە تۆمار بکرێن
بۆ ئەوەی لەکیس نەچن .. دوای ئەوەش گۆرانی نوێ ....
بەمەرجێك ئەو گۆرانییە تازانە لەسەر بنەرەتی گۆرانییە
ڕەسەنەکان بێ ، نەك دووربێ لەو کیانە ڕەسەنە .... دەبێ
هەموو نوێیاتێك لەوە دەبێ ... نەك کاریگەربوون بەگۆرانی و
مۆسیقای ئەوتۆ کە نەتوانێ لەو لایەنە ڕەسەنە نزیك بێتەوە ...
کە کاری تەواو لە بینەرو گوێگری کورد دەکات .. بۆیە
پێویستە ئاواز دانەرەکانمان وای بۆ بچن کە ئەم هونەرەو
بەرەو پێش چوونی لە ئەستۆی ئەواندایە ..

پێم ووت : بۆچی گۆرانیەکانت هێندە کەمن ؟ !

ووتی : گۆرانی زۆری لە خۆکردن نیە .. هەر هەفتەی چەند
گۆرانیەك تۆمار بکرێ ، ئەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە
ئەم گۆرانییانە دەبێتە ماڵ بەسەر گۆرانی کوردی ..
حەزدەکەم زۆری لە خۆم نەکەم ... وەکو ژەمی خواردن ...
کە مرۆڤ برسی نەبێ ناتوانێ لەزەتی تەواو لەوە وەرگرێ ..
گۆرانی ووتن . . هەموو مانای خۆشەویستییەو نابێ بازرگانی
پێ بکرێ ... دەبێ لەناخی مرۆڤ هەڵقوڵێ ... لەکیانی ..
لەمێشك و لە دەروونی ..

# قادر زیرەك .. نەمرە ..

هەموو بنیادەمو هونەرمەندێکی ئەوتۆ کە بەڕاستی کار بکات، دەتوانێ بەبێ دوودڵی ئەوە مسۆگەر بکات کە هەرگیز نامرێ .. نەمردنی هونەرمەند پاش خۆی تەنیا لە ڕێگای ئەوەیە کە لە ماوەی ژیانی خۆی بتوانێ بەمانای هونەرمەند بژی ... وە بەرهەمەکانی ببێتە ئاسۆیەکی گەش و ڕووناك ...

قادر زیرەك ... هیچ گومانی تێدانیە کە هەموو دەم لەگەڵ دڵ و دەروونی جەماوەراندا دەژی، بەبێ گومان ئەو هونەرمەندە ڕاستەقینەیە توانیویەتی بەو بەرهەمە کەمەی خۆی بەتەواوی جێگای خۆی بکاتەوە ... بۆیە هەتا ئەو دەنگە بەسۆزە ببیستین ئەو هەر زیندووە ... هەزار گوڵی وەفاداری بۆ ئەو هونەرمەندە کە لەدڵماندا بەزیندوویی مایەوە .

# لە كێم دیت ...

لە كێم دیت و لە كێم دیت .. كاكە لە بناری كۆیە
شەوەو دەسماڵ تێكەڵ بوون لەگەڵ پەردە لیمۆیە
بەپێشوازی باڵات بێن خەڵكی سابڵاخ و كۆیە
خەڵكی شێتی دونیانە ، ئەو دڵەی من شێتی تۆیە

* * *

ئەچمە سەر قەرەجۆغێ بەینی خۆم بەرنەداوە
دوو ڕەشماڵی ڕەشكۆكە لە جۆغییان هەڵداوە
دوو كیژی چواردە ساڵی لە دەرگەی ڕاوەستاوە ..
سڵاوێكم لێ كردن ، بەناز وەڵامیان داوە

* * *

هۆبەرا سەرم چەند دێشی دەردێ لە دڵم برینە
لە سێبارە دانیشم كەپرۆكەو شارە شینە
سەیرێ سەر كوڵمەم دەكرد خۆ هەمووی بەفرو خینە ...

* * *

# ئەمان ساقی ...

ئەمان ساقی دڵی شەیدام لە جەوری دیدە خەمگینە
لە نەشئەی چاوەکەی مەستت پیاڵە پڕکە بۆم بێنە
فیدای چاوی سیاهت بوو کەهۆشم بوو ئەویشم چوو
بەتاراجی نیگاهت چوو ئەگەر عەقڵەو ئەگەر دینە

* * *

لە هیجری قامەتی سەرووت وەکو قومری بەڕۆژ و شەو
لە باغی زیندەگی پیشەم هەمیشە ئاهو ناڵینە ...
ئەگەر مەقسودەکەت مەرگی منە ، فەرماندە تا بمرم
لەتۆم ڕوح چاو نیەڕوحم ، لەبەر چی ئەم ڕقو کینە

* * *

بەداخی ئەشتی ڕوخسارت وەها لەت لەت بووە جەرگم
وەکو لالە هەموو گیانم بەخوێنی دیدە ڕەنگینە
لەکوێ قەولی ڕەقیبان چاکە ئەکری تاکو ڕوح ماوە ...
لەسینەم خانی هیجرانت ، بە دەستی وەصلت دەربێنە

* * *

## لە دوگمەی سینە ...

لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا چریکەی بانی کێوان ..
لە ترسی طەلعەت ڕۆژ وەکو شێت
بە ڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان
ڕووچاوی من کەوا سەیلی سروشتن
دەپێون ئاوی بەفری خوێن بە پێوان ...
لە دووری تۆ .. بریندارم ...
لە دووری تۆ .. بێ قەرارم

* * *

مەکە ازمەی پەشێوی دڵ کە ئەمشەو
پەشێواوە لەبەر پەرچەم پەشێوان
شەرابی لە علی ڕومانی لە ئالی
حەرامە بێ مەزەیی ماچێکی لێوان

* * *

# دوورم لە یاران ...

دوورم لە یاران دوورم لە یاران ..
دوورم لە خونچەو گوڵی بەهاران ..
دوورم لە شاخ و داخەکەم
دوور لە خوناوی چەم و باخەکەم

* * *

دوورم لە تاڤگەو ڕووبارو کانی
دوورم لە گۆزەی وا بەسەر شانی
دوورم لە بەزەو لە پێکەنینی
دوور لەو دوڵبەرەی کەناوم دێنی

* * *

دوورم لە نازی خۆشەویستیەکەم
بۆ لەتۆ دووربم گیان و دڵەکەم
با تۆزێ لەیەك نزیك بینەوە
ڕابردووی تاریك زوو بسڕینەوە

* * *

# ڕاسپاردەیەک ...

گیانە کە مردم پێی ڕاکەیەنە
چۆن ڕات دەسپێرم ئاوەی بدوێنە
پێی بڵێ ئەو بوو خۆشەویستیەکەم
هیواو ئاواتی کانگای دڵەکەم

گوڵی پشکوتووی باخی دڵم بوو
ئەستێرەی گەشی ئاسمانی من بوو
لە یادی نەچێ ڕۆژانی هەینی

بێتە سەر گۆڕم گوڵم بۆ بێنێ ..
قەت بۆم نەگرێ ڕام نەچڵەکێنێ
لەو خەوە خۆشە بەئاگام نەهێنێ ...

باوەکو مردووم خرپەی دل نایە
ڕوح لە ئاسق ئەو هەر دڵنیایە ...

تــا خۆشەویـستی منی لە دڵ بـێ
تا وەکو بولبول جێی هەر سەر چڵ بێ
من ئەیپەرستم بەبێ چاوەنوار
بـۆی ئەبمـە کوڵی بێ ئاوو بەهار

*   *   *

# سوپاس

پڕ بەدڵ سوپاسی کرێکاران و خاوەنی چاپخانەی ڕاپەڕین ئەکەم کەبەوپەڕی دڵسۆزیەوە ئەم نامیلکەیان بۆ ڕاپەڕاندم .

**لوقمان محمد گولانی**

٦٠٠٠ دانە - ٥/ ٥/ ٩٨٥



لەبیری نەچێ ، ڕۆژانی هەینی
بێتە سەر گۆڕم ، گوڵم بۆ بێنێ
قەت بۆم نەگری ، ڕام نەچڵەکێنێ
لەو خەوە خۆشە بە ئاگام نەهێنێ

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی ( ٦١٣ ) ساڵی ١٩٨٥
چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان / هەولێر
ت ٢٢٦٥٨